# سیستەمی دەنگدان بەپێی دەستوور لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا

ئاسۆ کەریم

لە 2005/10/15 دا لــە تــەواوی عێراقــدا پرۆســەی دەنگدان لەسەر گەلاڵەنامەی دەستوور بەڕێوەچــوو، لـــە 2005/10/25 لە داخویانیەکدا "المفوضية العليا المستقلة للانتخابات" رایگەیاند 78.59% ی دەنگەکان بــە بــەڵێ بووە و 21.41%یش بە نــەخێر. بــەگوێرەی (بڕگــە ج-ی مادده 61) ی "قانوونی ئیــدارەی دەوڵــەت بــۆ قۆنــاخی گواستنەوە"ش، مادام 2/3ی دەنگــدەرانی ســێ پارێزگــا یان زیاتر دژی گەلاڵەنامەکە نەبوون[1]، کەواتە گــەل رازی بــووە بــە گەلاڵەنامەکــەو ئیــدی وەك (مــاددە 139)ی دەستوور دەڵــێ: دەســتوور پــاش ئــەوەی لــە رۆژنامــەی فــەرمی بــڵاو دەبێتــەوەو حکومــەتی پــێ دادەمــەزرێ، دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. واتــە دەکەوێتــە دوای هەڵبژاردنی گشتی 2005/12/15.

بەپێی دەستوور، دەسەڵاتێکی زۆر بە ئەنجوومەنی نوێنەران "مجلس النواب" دراوە (بڕوانە مادده 46 تا 62). لە هەمانکاتدا زۆر کێشە و پرسی گرنگ بۆ ئەم ئەنجوومەنە هەڵگیراوە[2].

هەروا ئەم ئەنجوومەنە، ئەنجوومەنێکی کاتی نییە و وێدەچێ پێکهاتەی ئەمجارەی ئەنجوومەن لەچاو کۆمەڵەی نیشتیمانیی عیراق (الجمعية الوطنية العراقية) بگۆڕێ بەتایبەتی کە 228 لایەنی سیاسی و 21 هاوپەیمانێتی کە نزیکەی 100 پارتی سیاسییان گرتووەتە خۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کێبەرکێ دەکەن و هەم مەزەندە دەکرێ خەڵکی سوننە مەزەبی عەرەب، بە گوێرەی بەشداریکردنیان لە ریفراندەمی 10/15دا، بەشدارییەکی جیدی تر لە هەڵبژاردندا بکەن[3] و هەندێ چاودێر پێیانوایە سوننەکان لە کۆی 275 کورسی، 80-60 کورسی وەدەست دێنن. وێناچێ ئەم مەزەندەیە لە جێگەی خۆی دابێ و موبالەغەی پێوە دیارە، بەڵام بە پشتبەستن بە ئاکامەکانی ریفراندەمی 10/15و "نەخێر"ەکانی "بەغدا و ئەنبار و سەلاحەددین و موسڵ و دیالە و کەرکوك، رەنگە 50-40 کورسی وەدەست بێنن.

هەروابێتەوە بۆ ئێمەی کوردیش هەم ئەنجوومەنی دادێ و هەم چوار ساڵەکە، تاقیکردنەوەیەکە کە داخۆ تا

چەند دەست بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەستوورەوە دەگیرێ و لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە دێنە جێبەجێکردن. هەڵبەت ئەمەش بە پلەی یەکەم بەندە بە پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبی و حزبیی ئەنجوومەن، کە لە ئاکامی هەڵبژاردنی2005/12/15 دەکەوێتەوە.

لە کوردستاندا، ڕێژەی بەشداری خەڵك لە ریفراندەمی 10/15دا بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی 2005/1/31دا کەم بوو[٤]. هەم **یەکگرتووی ئیسلامی** لە **هاوپەیمانێتی کوردستانی** دەرچووەو وێناچێ (77) کورسیەکەی جاران وەدەست بێتەوە، بە مەزەندەی **پیتەر گالبیرت**: لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانی هەر دەوروبەری (55) کورسی دێنێ[٥]. پێم وایە ئەم ژمارەیە نزیکە لە واقیع و بەپێی مەزەندە لە نێوان ٥٥-٥٦ کورسی وەدەست دێ .

ڕاستە لیستی **الائتلاف العراقي الموحد** کە لە 16 قەوارەی سیاسی پێکهاتووە[٦] و تەیباری سەدری چووەتە پاڵ، لەهەمانکاتدا هەندێ لایەن و کەسایەتیی لیبراڵ و تەکنۆکرات و دیموکراتی شیعە مەزەبی لێ دەرچووە و لیستی سەربەخۆیان پێکهێناوەو بەمەش لیستی ئیئتلاف زێتر مۆرکی شیعەگەرێتی پێوەدیارە و بێ شك ئەو قورساییەی جارانی نامێنێ. بەڵام بە ڕاوێژان لە هەموو لیستەکانی تر پتر کورسی دێنێ و مەزەندە دەکرێ دەوروبەری 100-90 بهێنن.

هەرچەندە گوایا **سیستانی** ئەمجارە پشتی هیچ لیستێك ناگرێ[٧]، بەڵام گرنگ دوو حەفتەی کۆتایی پێش هەڵبژاردنە کە داخۆ مەرجەعی باڵای شیعە لەسەر قەول و قەراری خۆی دەمێنێتەوە یان بە قازانجی لایەك فەتوا دەردەکا.

هەرچی **(قائمة العراقية الوطنية "ليبرالية علمانية")** لە 15 لایەن پێکهاتووە: حركة الوفاق الوطني (العلاوي) والحزب الشيوعي العراقي (حميد مجيد) و احرار (اياد جمال الدين) و تجمع الديمقراطيين العراقيين المستقلين (عدنان الباجةجي) و عراقيون (غازي الياور) و حزب الوحدة (مبدر الويس) و الحركة الاشتراكية العربية (عبدالاله النصراوي)، القائمة الوطنية (حاجم الحسني)، الهيئة العراقية المستقلة (فلاح النقيب)، التجمع القاسمي الديمقراطي (قاسم الجنابي)، تجمع الوفاء للعراق (حسين شعلان)، تجمع الفرات الاوسط (حاكم خزعل خشان)، حزب شيوخ العراق المستقلون (علي الزاوي)، التجمع الجمهوري العراقي (سعد عاصم الجنابي).

هەروا لیستی **"المؤتمر الوطني من اجل العراق"** لە 9 لایەن پێکهاتووە: المؤتمر الوطني العراقي (احمد الجلبي) والحزب الدستوري العراقي (جواد البولاني) و الحركة الدستورية الملكية (الشريف بن علي) و حزب القرار التركماني (فاروق عبدالله)، تجمع العراق الديمقراطي (فرقد القزويني)، الحزب الديمقراطي الاول (مجيد حاج حمود)، جبهة العمل المشترك الديمقراطية (عباس جبر)، كتلى الامانة العامة لجنوب العراق (باقر ياسين احمد)، القائمة المستقلة (سمير الكرعاوي) .. ئەم دوو لیستەی دوایی ڕەنگە ئەمریکاییەکان، وەك دوو لیستی لیبراڵی و عەلمانی، گرەویان لەسەر بکەن و وێدەچێ ڕێژەیەك کورسیش وەدەست بێنن.

دیارە بە پێی ئەو قانوونەی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراق بۆ هەڵبژاردنی گشتی، (230) کورسی لە کۆی (275) کورسی ئەنجوومەن بەم شێوەیە بەسەر پارێزگاکانی عیراقدا دابەشکراوە و (45) کورسییەکەی تریش بە پێی سیستەم و ڕێوشوێنێکی دی کە دوایە دەردەچێ دابەش دەکرێ:

| ناوی پارێزگا | ژمارەی کورسی |
|---|---|
| بەغدا | 59 |
| موسڵ | 19 |
| بەسرە | 16 |
| سلێمانی | 15 |
| هەولێر | 13 |
| زیقار | 12 |
| بابل | 11 |
| دیالە | 10 |
| ئەنبار | 9 |
| کەرکووك | 9 |
| واست | 8 |
| سەلاحەددین | 8 |
| قادسیە | 8 |
| نەجەف | 8 |
| دهۆك | 7 |
| میسان | 7 |
| کەربەلا | 6 |
| موسەننا | 5 |
| کۆی | 230 |

**سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا:**

بە گوێرەی (برگە أ-ی مادده ٥٧)ی دەستوور تا هەر جڤینێکی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێژەی قانوونی تەواو ببێ، دەبێ **زۆرینەی ڕەهاAbsolute majority ی** ئەندامانی ئەنجوومەن ئامادەبن، واتە 51%ی (275ئەندامی ئەنجوومەن) کە دەکاتە 138 ئەندام.

بەپێی (برگە ب-ی هەمان مادده) پرۆژەی هەر قانوون و بڕیارێکیش پێویستی بە دەنگی زۆرینەی سادە Simple majority هەیە، ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لە دەستووردا نەبێ کە زۆرینەی ڕەها یان زۆرینەی تایبەتی بخوازێ.

دیارە سەرلەبەری ئەو قانوون و بڕیارانەی ئەنجوومەنی نوێنەران دایاندەنێ لە رووی بایەخەوە، یەك پلە نین و هەندێکیان بە شێوەی قانوونگەلی دەستووریی بنچینەیی و هەندێکی تریان بە قانوونگەلی ئاسایی و هەندێکیشیان زێتر "الانظمة والتعلیمات"ن. هەر لەسۆنگەی ئەم بایەخ و پۆلینکردنەوە، هەندێ قانوون و بڕیار پێویستیان بە ڕێوشوێن و زۆرینەیەکی تایبەت هەیە و ئەوانی تر بە زۆرینەی ڕەها یان زۆرینەی سادە بڕیاریان لێ دەدرێ. لێرەدا هەر یەك لەم زۆرینانە روون دەکەینەوە:

**زۆرینەی ڕەها Absolute majority:** واتە پتر لە نیوەی ژمارەی ئەو پەرلەمەنتارانەی بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان دەکەن.

**زۆرینەی سادە Simple majority:** زۆرینەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی بە فیعلی بەشداری لە دەنگداندا دەکەن نەك زۆرینەی ئەو ئەندامانەی لە جڤینەکەدا ئامادە بوون. بۆ نمونە ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا 150 پەرلەمەنتار ئامادە بن، 70 ئەندام بەبەڵێ دەنگ بدەن و 65 بە نەخێر 15 دەنگ نەدەن، مادام 70 لە نیوەی 135 زێترە، واتە لە نیوەی ئەوانەی بە فیعلی دەنگیان داوە، ئیدی پرۆژەکە سەر دەگرێ.

***زۆرینەی تایبەت Special majority***

وەك زۆرینەی 2/3 ئەندامانی ئەنجوومەن واتە 186 ئەندام، یان زۆرینەی3/4 ەندامانی ئەنجوومەن واتە207 ئەندام، یان زۆرینەی 3/5 ئەندامانی ئەنجوومەن واتە 165 ئەندام.

لێرەدا ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی جودا-جودا بڕیاریان لێ دەدرێ لێکجیا دەکەینەوە:

**یەکەم:**

ئەو پرسانەی بە زۆرینەی سادە**"الاغلبية البسيطة"** ساغ دەکرێنەوە

- يسن مجلس النواب في مدة لا تتجاوز ستة اشهر من تأريخ اول جلسة له، قانونا يحدد الاجراءات التنفيذية الخاصة **بتكوين الاقاليم**، **بالاغلبية البسيطة** للاعضاء الحاضرين. (م 114)

- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، تعاد القوانين والقرارات الى مجلس النواب لاعادة النظر في النواحي المعترض عليها والتصويت عليها **بالاغلبية**، و ترسل ثانية الى هيئة الرئاسة للموافقة عليها. (م 134 الفقرة 5ب).

- هەر پرسێکی تر کە لە دەستوردا دیاری نەکرابێت، بە زۆرینەی رەها یان زۆرینەی تایبەت دەبڕێتەوە، ئەوا وەکو لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، بە زۆرینەی سادە دەبڕێتەوە.

**دووەم:**

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی رەها **"الاغلبية المطلقة"**ی ئەندامانی ئەنجوومەن، ساغ دەکرێنەوە و بڕیاریان لێ دەدرێ واتە نابێ لە 138 دەنگ کەمتر بێ:

- ينتخب مجلس النواب في اول جلسة له رئيسا، ثم نائبا اول ونائبا ثانيا، **بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس**، بالانتخاب السري المباشر. (م 53)

- مساءلة رئيس الجمهورية بناء على طلب مسبب، **بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء مجلس النواب.** (م 58 الفقرة 6أ)

- اعفاء رئيس الجمهورية **بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء مجلس النواب**، بعد ادانته من المحكمة الاتحادية العليا وفي الحالات التى تم ذكرها في الدستور (م 58الفقرة 6).

- يقرر مجلس النواب سحب الثقة من رئيس مجلس الوزراء، **بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه.** ( م 58 الفقرة 8 ب 3)

- يحل مجلس النواب، **بالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه**، بناء على طلب من ثلث اعضائه، او طلب من رئيس مجلس الوزراء وبموافقة رئيس الجمهورية، ولايجوز حل المجلس في اثناء مدة استجواب رئيس مجلس الوزراء. (م 61 الفقرة1)

**سێیەم:**

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی رەها "الاغلبية المطلقة"ی ئامادەبووان دەبڕێندرێنەوە:

- مجلس النواب حق استجواب مسؤولي الهيئات المستقلة (المفوضية العليا لحقوق الانسان، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، هيئة النزاهة..) وفقا للاجراءات المتعلقة بالوزراء، وله اعفاءهم **بالاغلبية المطلقة** (م 58 الفقرة 8هاء).

- يعرض رئيس مجلس الوزراء المكلف، اسماء اعضاء وزارته، والمنهاج الوزاري، على مجلس النواب، ويعد حائزا ثقتها، عند الموافقة على الوزراء منفردين، والمنهاج الوزاري **بالاغلبية المطلقة** (م73 الفقرة 4 )

- الموافقة على تعيين كل من: رئيس واعضاء محكمة التمييز الاتحادية، ورئيس الادعاء العام، ورئيس هيئة الاشراف القضائي، **بالاغلبية المطلقة** بناء على اقتراح من مجلس القضاء الاعلى. (م 58 الفقرة 5)

- لمجلس النواب سحب الثقة من احد الوزراء، **بالاغلبية المطلقة**، ويعد مستقيلا من تأريخ قرار سحب الثقة... (م 58 الفقرة 8أ).

- لمجلس النواب حل هذه الهيئة ( هيئة اجتثاث البعث) بعد انتهاء مهمتها، **بالاغلبية المطلقة**. (م131 الفقرة 2)

**چوارەم:**

ئەو پرسانە کە دیاری نەکراوە چۆن ساغ دەکرێنەوە بە زۆرینەی سادە، یان زۆرینەی رەها یان زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجوومەن:

- الموافقة على تعيين كل من السفراء واصحاب الدرجات الخاصة باقتراح من مجلس الوزراء (م 58 الفقرة 5ب)

- الموافقة على تعيين كل من رئيس اركان الجيش، ومعاونيه، ومن هم بمنصب قائد فرقة فما فوق، و رئيس جهاز المخابرات بناء على اقتراح من مجلس الوزراء. (م 58الفقرة 5ج).

- وله الحق (رئيس مجلس الوزراء) باقالة الوزراء وبموافقة مجلس النواب (م 75)

- يخول رئيس مجلس الوزراء الصلاحيات اللازمة التي تمكنه من ادارة شؤون البلاد خلال مدة اعلان الحرب و حالة الطواريء، وتنظم هذه الصلاحيات بقانون، بما لايتعارض مع الدستور. (م 59 الفقرة 9ج)

لێرەدا مادام لە دەستووردا دیاری نەکراوە کە ئەم پرسانەی سەرەوە چۆن دەبرێندرێنەوە، کەواتە بەپێی(م 57برگە 2) بە زۆرینەی سادە، دوای تەواوبوونی رێژەی قانوونی جڤین، ساغ دەکرێنەوە.

**پێنجەم:**

ئەو پرسانەی کە بە 2/3 دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن، واتە بە (186 ئەندام)، ساغ دەکرێنەوە:

- تنظيم عملية المصادقة على المعاهدات والاتفاقيات الدولية، بقانون يسن **باغلبية ثلثي اعضاء مجلس النواب**. (م 58 الفقرة 4)

- يتم انشاء مجلس تشريعي يدعى ب(مجلس الاتحاد) يضم ممثلين عن الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم، وينظم تكوينه، و شروط العضوية فيه، واختصاصاته، و كل ما يتعلق به، بقانون يسن **باغلبية ثلثي اعضاء مجلس النواب**. (م 62)

- ينتخب مجلس النواب من بين المرشحين رئيسا للجمهورية **باغلبية ثلثي عدد اعضائه** (م 67 الفقرة 1). واذا لم يحصل اي من المرشحين على الاغلبية المطلوبة، يتم التنافس بين المرشحين الحاصلين على اعلى الاصوات، و يعلن رئيسا من يحصل على اكثرية الاصوات في الاقتراع الثاني (م 67 الفقرة 2).

- يحدد عدد اعضاء المحكمة الاتحادية العليا، وتنظم طريقة اختيارهم و عمل المحكمة بقانون يسن **باغلبية ثلثي اعضاء المجلس**. (م89 الفقرة 2)

- لا يجوز تعديل المبادىء الاساسية الواردة في الباب الاول، والحقوق والحريات الواردة في الباب الثاني من الدستور، الا بعد دورتين انتخابيتين متعاقبتين و بناء على **موافقة ثلثي اعضاء مجلس النواب عليه**، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام و مصادقة رئيس الجمهورية خلال سبعة ايام (م 122 الفقرة 2)
- لا يجوز تعديل المواد الاخرى غير المنصوص عليها في البند "ثانيا" من هذا امادة، الا بعد **موافقة ثلثي اعضاء مجلس النواب عليه**، وموافقة الشعب بالاستفتاء العام، ومصادقة رئيس الجمهورية خلال سبعة ايام. (م 122 الفقرة 3)
- في حالة خلو اي منصب في مجلس الرئاسة، ينتخب مجلس النواب **بثلثي اعضائه** بديلا عنه. (م134 الفقرة 2د)
- لمجلس النواب حل الهيئة ( هيئة دعاوي الملكية) **باغلبية ثلثي اعضائه** (م132 الفقرة 2)

**شەشەم:**

ئەو پرسانەی کە بە زۆرینەی 2/3 دەنگی ئەو ئەندامانەی لە کۆبوونەوە ئامادەبوون دوای تەواو ڕێژەی قانوونی:

- ينتخب مجلس النواب، رئيسا للدوله، ونائبين له، يؤلفون مجلسا يسمى (مجلس الرئاسه)، يتم انتخابه بقائمه واحده، **وباغلبية الثلثين**. (م 134 الفقره 2أ)

ئەمە تەنیا بۆ یەك دەورە، واتە بۆ چوار ساڵ.

- الموافقة على اعلان الحرب و حالة الطوارئ **باغلبية الثلثين**، بناءا على طلب مشترك من رئيس الجمهورية، ورئيس مجلس الوزراء. (م 58الفقرة 9أ)

**حەفتەم:**

ئەو پرسانەی بە **زۆرینەی 3/5 دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن** ، واتە بە (165 ئەندام) ساغ دەکرێنەوە:

- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، على القوانين والقرارات ثانية، خلال عشرة ايام من تأريخ وصولها اليه، تعاد الى مجلس النواب، الذي له أن يقررها **باغلبية ثلاثة اخماس عدد اعضائه**، غير قابلة للاعتراض، ويعد مصادقا عليها. (م 134 الفقرة 5ج).

**هەشتەم:**

ئەو پرسەی کە بە **زۆرینەی 3/4 دەنگەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن** ، واتە بە (207 ئەندام) ساغ دەبێتەوە

- لمجلس النواب اقالة اي عضو من اعضاء مجلس الرئاسة، **باغلبية ثلاثة ارباع عدد اعضائه**، بسبب عدم الكفاءة او النزاهة. (م 134 الفقرة2ج)

**نۆیەم:**

ئەو پرسانەی کە بە **کۆی دەنگەکان** ساغ دەکرێنەوە:

- يتخذ مجلس الرئاسة قراراته **بالاجماع** ... (م 134 الفقرة 4)

## دەرەنجام

– وەکو دەردەکەوێ بە پێی سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا (چ بە زۆرینەی سادە و چ بە زۆرینەی رەهای ئامادەبووان و چ بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجوومەن ..) دەکرێ بەبێ نوێنەرانی کورد هەر پرۆژەو بریارێك تێبپەرێندرێ ئەگەر لیستەکانی تر لە نێوان خۆیاندا رێکبکەون، رەنگە لە هەلومەرجی ئێستای عیراقدا، ئەم ئیحتیماله لاواز بێ، بەلاّم دوور نییە سەبارەت بە پرۆژەی هەندێ قانوون و بریار بەشێوەیەکی کاتەکی هاودەنگ بن.

– وا دەخوازرێ نوێنەرانی گەلی کوردستان، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقدا، بە رێکوپێکی دەوام بکەن و لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن . چونکە بەپێی هەندێ راپۆرتی رۆژنامەوانی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقدا بەرێکوپێکی دەوامیان نەکردووە و تەنانەت هی واشیان هەبووە تاکە قسەیەکیشی لە کۆبوونەوەکاندا نەکردووە.

– وا دەخوازرێ لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانی سەبارەت بە پرۆژەی بریارو قانوونەکان، دەستی کراوە بێت بۆ تەنسیقکردن لەگەڵ سەرجەم لیستەکاندا، بەپێی بەرژەوەندە بالاّکانی گەلی کوردستان و لە جولانەوەدا (**مرن**) بێ . بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ دوو جۆرە "تەحالوف" بکرێ یەکیان دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لەسەر بنەمای پەیمان و بەرنامەیەکی هاوبەش و دابەشکردن و رێککەوتن لەسەر پۆستە سیادییەکان . دووەمیان "تەحالوف"اتی کاتەکی و بەپێی بریارو قانوونەکان و بۆچوونی رۆژانەی لیستەکان. بەلاّم بە مەزەندە و وەك پێشبینی دەکرێ، بەبێ لیستی "شیعەکان" هیچ بریارو قانوونێك سەرناگرێ.

– زۆر گرنگە لە دەورەی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، یەکێ لە سێ ئەندامەکەی "**مجلس الرئاسة**" ، کورد بێت، هەر چەند بۆ یەك دەورەی هەڵبژاردن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەمێنێ، وەکو "**ضمانة**"یەك تا رێگە نەدرێ پرۆژەو بریاری دژ بە گەلی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی تێ بپەرێندرێ، چونکە بریارەکانی "**مجلس الرئاسة**" بە کۆی دەنگ دەدرێ (م134برگەی 5أ، ب، ج) و (م 134برگەی 4) ئەمە گەرەنتییەکە و رێگە لە ئیحتیمالی گەلەکۆمەکی نێوان شیعەکان و سوننەکان و لیستەکانی تر دژی کورد دەگرێ: چونکە هەروەکو لە دەستووردا هاتووە هەر بریارو قانوونێك کە ئەنجوومەنی نوێنەران دایبنێت، دەبێ رەوانەی "مجلس الرئاسە" بکرێ تا بەکۆی دەنگ لەماوەی (10رۆژدا)، جگە لە هەردوو ماددەی 114,115 رەزامەندی لەسەر بدەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ترسل القوانين والقرارات التي يسنها مجلس النواب، الى مجلس الرئاسة، لغرض الموافقة عليها بالاجماع، واصدارها خلال عشرة أيام من تأريخ وصولها اليه، باستثناء ما ورد في المادتين 115 ,114 من هذا الدستور، والمتعلقتين بتكوين الاقاليم.

ب- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، تعاد القوانين والقرارات الى مجلس النواب لاعادة النظر في النواحي المعترض عليها والتصويت عليها **بالاغلبية**، و ترسل ثانية الى هيئة الرئاسة للموافقة عليها.

ج- في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة، على القوانين والقرارات ثانية، خلال عشرة ايام من تأريخ وصولها اليه، تعاد الى مجلس النواب، الذي له أن يقررها **باغلبية ثلاثة اخماس عدد اعضائه**، غير قابلة للاعتراض، ويعد مصادقا عليها.

– گەرەنتییەکی گرنگی دەستووری ئەوەیە کە ناکرێ دەسەڵاتەکانی هەرێم کەم بکرێتەوە. هەروەکو لە دەستووردا هاتووە: لا يجوز اجراء اي تعديل على مواد الدستور، من شأنه أن ينتقص من صلاحيات الاقاليم التي لا تكون داخلة ضمن الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية، الا بموافقة السلطة التشريعية في الاقليم المعني، و موافقة اغلبية سكانه باستفتاء عام. (م 122 الفقرة 4) هەمان شت سەبارەت بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ناو "الباب الاول"ی دەستوور و ماف و ئەرکەکانی "الباب الثاني" کە دوای هەشت ساڵ و بەو رێوشوێنەی لە دەستووردا دیاری کراوەو نابێ 2/3 دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر لە دژی هەموارکردنەکە بن.

– گەلی کوردستان دەتوانێ پەنا بۆ دوا برگەی دیباجەی دەستوور، ئەگەر ئیلتیزام بە دەستوور نەکرێ " ان الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعبا وارضا وسيادة".

پەراوێزەکان:

١- ٢/٣ی دەنگەکانی (٣) پارێزگاش دەنگیان دژی دەستوور نەدا: موسڵ ٥٥٪، ئەنبار: ٩٦,٦٦٪، صەلاحەددین: ٨١,٧٥٪، دیالە: ٤٨,٧٣٪، کەرکوک: ٣٧,٠٩٪ و بەغدا: ٢٢,٣٪، بابل: ٥,٤٤٪.

٢- سەیری ئەم مادەدانەی دەستووری عیراق بکە: ( ٤ "٢"، م ٧ "١"، م ٩"٢"، م ١٢"١ و ٢"، م ١٨ "٣أ، ٤"، م ٢١"٢"، م ٢٢"٣"، م٢٣"٢"، م٢٤ ، م ٢٦، م٢٧ "٢"، م٢٨ "٢"، م٣٠ "٢"، م٣١"٢"، م٣٢، م٣٤ "٤"، م ٣٦"٣"، م٣٧"١"، م٣٩، م٤١"١ ب"، م٤٣ "١"، م٤٧ "٣"، م ٦٠، م ٦٢، م٦٦"٢،١"، م٧٠ "٥""، م٧١، م ٧٩، م٨١، م٨٣، م٨٦، م٨٧، م٨٩"٢"، م٩٠"٦"، م٩٣، م٩٤، م٩٦، م٩٩، م١٠٠"١"، م١٠١، م١٠٢، م١٠٣، م١٠٤، م١٠٥، م١٠٩ "١"، م١١٠ "١، ٧"، م١١٤، م ١١٨ "٢"، م١١٩، م١٢٠ "٢"، م ١٢١، م١٢٨، م١٣٠، م١٣١ "٣"، م١٣٢ "١").

٣- لەناو عەرەبی سوننەدا چەند لیستێك بەشداری دەکەن: وەکو قائمة الجبهة العراقية الموحدة پێکهاتووە لە: الجبهة الوطنية العراقية (صالح مطلك) و الجبهة الوطنية لوحدة العراق الحر (حسين اللهيبي) و الجبهة الديمقراطية العربية (فهران حواس الصديد) حركة ابناء العراق الواحد (علي عبدالله خليفة) والحزب الديمقراطي المسيحي العراقي (ميناس يوسف). وقائمة جبهة التوافق العراقية لة الحزب الاسلامي العراقي (محسن عبدالحميد) و المؤتمر العام لاهل العراق (عدنان الدليمي) و هەندێ ئەندامی مجلس الحوار الوطني العراقي پێکهاتووە. وقائمة وطنيون لة (الحركة الوطنية العراقية (حاتم مخلص) و مجلس العراقي الموحد (انور لهيبي) پێکهاتووە، وقائمة جبهة الخلاص الوطني پێکهاتووە لە: (حزب الاصلاح والعدالة الديمقراطي (عصام الجبوري) و، الحزب الطليعي الاشتراكي الناصري (عبدالستار الجميلي) و تجمع سادة الاشراف السوامرة (خالد السامرائي). والقائمة العربية (عرب السنة من المنطقة الغربية) لە دوو لايەن پيکدێت: حركة التضامن الوطني (حسيب العبيدي) و الجبهة العربية الموحدة (وصفي عاصي العبيدي). وقائمة جبهة الحوار العراقية في كركوك: لە دوو لايەن پيکدێت: التجمع العربي و مجلس العشائر (عبدالرحمن العاصي) و الجبهة الوطنية لوحدة العراق (حسن لهيبي).

٤- دەوروبەری ٩٠٪ی دەنگدەران بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەی ٣١/١/٢٠٠٥دا کرد، دیارە لە ریفراندۆمەکەی ١٥/١٠/٢٠٠٥دا ئەم رێژەیە زۆر هاتە خوارەوە و هەقە بەشێوەیەکی زانستانە دیراسە بکرێ.

٥- ئاسۆ، ژمارە ١٥٧، ٣٠/١٠/٢٠٠٥، ئەژمارکردنێکی نارەسمییە، ژمارەی کورسییەکانی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لە نێوان ٥٠ بۆ ٥٧ دا دەبێت، ل١

٦- الائتلاف العراقي الموحد يتكون من الاطراف التالية: المجلس الاعلى للثورة الاسلامية (عبدالعزيز الحكيم)، حزب الدعوة الاسلامية (ابراهيم الجعفري)، حزب الفضيلة الاسلامي (نديم الجابري)، الكتلة الصدرية (حسن الربيعي)، حزب الدعوة الاسلامية- تنظيم العراق (هاشم الموسوي)، حركة الديمقراطيين العراقيين (قاسم داود)، الاتحاد ا لاسلامي التركماني (عباس البياتي)، حركة الوفاء التركمانية (فرياد عمر عبدالله)، حركة حزب الله العراق (حسن الساري)، حركة سيد الشهداء (داغر الموسوي)، جماعة العدالة (عادل عبدالمهدي)، حزب تجمع الوسط (محمود الشيخ راضي و حسين الشهرستاني)، تجمع العدل والمساواة (سهيل الجزائري)، مرتقى الاصلاح (مظهر الحكيم)، احرار العراق (حازم دوس).

٧- کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٨١٤، ٣١/١٠/٢٠٠٥، ئايەتوڵلا سیستانی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پشتیوانیی و لايەنگریی هیچ کیانێکی سیاسی ناکات، ل٢.